به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# چواردە ساڵ لە تەمەنی گۆڤاری ڕامان و (٣٧) ساڵ تەمەنی هاوڕێیەتیم لەگەڵ سەرنووسەرەکەی

**جەواد حەمەد بەگ ساڵح**
**(کۆیە)**

چواردە ساڵە گۆڤاری ڕامان بەبێ هەڵە و پچڕان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەردەچێت، تاوەکو ئێستا (١٥٥) ژمارەی لێدەرچووە. گۆڤاری ڕامان ئاوڕێکمان بۆ ڕابوردوو پێدەداتەوە و هەڵمان دەفڕێنێت و لەسەر گۆڤارە بە پێزەکەی (گەلاوێژ) دەمانشێنێتەوە کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کوردەواریدا بینیوە و کاریگەری لەسەر سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکان و بلاوکراوەکانی دوای خۆی و ئەدیب و ڕووناکبیر و سیاسەتمەداران نواندووە و خۆیان بە قەرزاری ئەم گۆڤارە دەزانن. گەلاوێژ تەنیا (١٠٥) ژمارەی لێ دەرچووە و تەمەنیشی (١٠) ساڵ بووە، (١٩٣٩-١٩٤٩) ژمارەی لاپەڕەکانی هەر ژمارەیەکی (٥٠-٦٠) لاپەڕەبووە، کەچی گۆڤاری ڕامان هەندێ ژمارەی، لاپەڕەکانی گەیشتووەتە (٣٧٠) لاپەڕە. زۆرینەی نووسەرانی گەلاوێژ نووسەرانی کوردستانی باشوور بوونەو تاکوتنۆکیان نەبێت کە هی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوونە، وەلێ ڕامان وەک سایت و سەنتەرێک نووسەرانی کورد لە هەر کوێیەکی کوردستان، یان جیهان بن ڕووی نووسینیانی تێدەگەن و خۆیان تێدا دەدۆزنەوە، ئەمەش وایکردووە کە ئەفراندن و ئەو جووڵە و گۆڕانانەی کە لە ئەدەبیاتی کوردی و جیهانیدا ڕوودەدەن، وەک سایتێکی ئاگادارکردنەوە بەگشت شار و کووچە و گۆشەیەک بلاوی دەکاتەوە و بەگشت لایەکی دەگەیەنێت. وێڕای ئەمانەش گرنگییەکی بێ پایانی بە هونەر داوە بە گشتی و هونەری شانۆ بە تایبەتی، بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەسەر یەک، ساڵانە بە ژمارەی تایبەتەوە پێشوازی لە ڕۆژی شانۆی جیهانی کردووە. ڕاستە ڕامان گۆڤاری سەرجەم چین و توێژ و تەمەنەکان نییە، وەلێ لە پاڵ ئەمەشدا خاوەن خوێنەرێکی زۆرە، بە تایبەت خەڵکانی پرۆفیشناڵ، بەلانی کەمەوە وەک من بزانم مانگانە زیاتر لە (٥٠٠٠) خوێنەر لە کەسانی ئەدیب و ئەدەبدۆست و ڕووناکبیر سەردانی ئەم سایتە دەکەن. لە ماوەی دەرچوونیدا، (٥) هەزار شاعیر و نووسەر و هونەرمەند بەرهەمیان تێدا بلاوکردووەتەوە. لە ڕووی زمان و پەیڤ و زاراوە و یەکخستنی زاراوە و ڕێنووس مایەی سەرسامی خوێنەران بووە، ئەم گۆڤارە زانیاری هەمەجۆر دەگرێتە خۆی، بە تایبەتی زانیارییەکانی تایبەت بە زمان و هونەر و ئەفسانە و ئەدەبیات، ئەمەش وای کردووە کە قوتابیان

وەک سەرچاوەیەک هانای بۆ بهێنن و ڕووی تێبکەن. ئەم گۆڤارە لە قۆناغەکانی خوێندندا باسی دەرچوون و ماستەر و تێزی دکتۆرا ئاسانکارییان بۆ دەکات بە مەبەستی فەراهەمکردنی کارەکانیان. ڕامان بێلایەنی و تایبەتمەندی خۆی پاراستووە و دوورەپەرێز ڕسکاوە و دەستەمۆی هیچ حزب و لایەنێک نەبووە و دڵنیاشم دەبێتە نموونە بۆ ئەو سایتانەی هەنگاوی تایبەتمەندی لە ئێستا و ئاییندەدا دەنێن. هۆکاری سەرکەوتن و بەپێزی و تایبەتمەندی ئەم گۆڤارە بۆ دڵسۆزی و لێزانی و حەماسەتی سەرنووسەرەکەی بەڕێز (ئازاد عەبدولواحید) و ستافی گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە، دەستخۆشییان لێدەکەم و بەردەوامی و تەندروستییان بۆ دەخوازم.

ڕامان و جۆش و حەماسەتی کاکە ئازاد و باکگراوەندم لەگەڵ ئەودا بۆ ساڵی (١٩٧٣)(*) و ساڵانی دوایی دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی لەگەڵ کاک (ئازاد) بەهۆی نووسینەکانمەوە یەکترمان ناسی و ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، هەر جارێک کە نووسینێکی کاک (ئازاد)م لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و (ڕۆشنبیری نوێ) دەخوێندەوە سەرسامی دەکردم و سەرنجی ڕادەکێشام و بە ناسنامەکەی ئەو کاتەی (حەوێزی) دەمزانی کۆییە و تازەلاوە، وەلێ نەمدەدۆزییەوە، ئەوەی زیاتر سەرنجی من و نووسەرانی ڕاکێشا نووسینێکی بوو تایبەت بە ڕۆماننووسی ئینگلیز (گراهەم گرین) بوو، بەڕاستی زۆر دەنگی لە ڕەنگی گەورەتر بوو، بۆیە تامەزرۆی بینین و ناسینی بووم، تا ڕۆژێکیان بەڕێکەوت لە هەولێر لە چاپخانەی کۆییان (خاوەنەکەی مەولووداغا بوو) دانیشتبووم و سەرقاڵی خوێندنەوەی هەفتەنامەیەک بووم کە بابەتێکی منی تێدا بڵاوکرابووەوە، کاتێک بینیم لاوێک لە تەنیشتمەوە دانیشتووە، بە دەنگێکی نزمەوە گوتی: دەکرێت ئەم لاپەڕانەی ترم پێبدەی و چاوێکیان پێدا بخشێنم؟ پاشان کەوتینە دوان و پەیڤین و گوتی: (منیش لە ڕۆژنامەکان بابەت بەناوی (ئازاد عەبدولواحید حەوێزی) بڵاو دەکەمەوە)، کەواتە تۆ ئەو کەسەی ماوەیەکە لێت دەپرسم و بەهیوای ناسینت بوومە، تۆ لە دایک بووی (١٩٥٨)ی و تەمەنت تەنها (١٦) ساڵانە، ئەترسم کەسێکی تر چاوساغت بێت و بۆت بنووسێت و تۆش بەناوی خۆت بڵاویان بکەیتەوە.؟ وەلێ کاکە ئازاد بە قسەکانی دڵنیای کردم و سەرجەم گومانەکانی لەلا سڕیمەوە، درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: [باوکی خوالێخۆش بووم کۆیی بوو، لە ڕیزی سەربازی بوو، لە تافی لاویدا ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین، من زۆربەی ژیانم لە بەغدا بەسەربردووە، خوێندنم بە زمانی عەرەبی بووە، دوور بووم لە زمان و کولتووری نەتەوەکەم. کە گەڕاینەوە هەولێر نەمویست بەم بارودۆخە بمێنمەوە، بە قووڵییەوە ڕووم لە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی کرد، هێندە بە قووڵی و ورد دەڕژامە ناو بابەتەکانەوە، بە تایبەتی بوارە ئەدەبییەکان تا بووە مایە و هۆکاری خولیا و ئاشنابوونم بە ئەدەب و کولتووری نەتەوەکەم و لە بواری لێکۆڵینەوە و بەدواداچووندا خۆم دۆزییەوە و بە پێچەوانەی ڕوانگەییەکان ڕووم لە سامان و کەلەپووری نەتەوەکەم کرد، هەنووکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی شیعرەکانی ئەمیناغای حەوێزی (ئەختەر)م و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان بۆ دەکەم و ساغیان دەکەمەوە]. لە ساڵی (١٩٧٦) ئەم پرۆژەیە بەرجەستە بوو و لە دووتوێی نامیلکەیەکی جوان لەژێر ناوی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) هاتە کایەوە و چاوی خوێنەرانی پێ گەشایەوە. ئیتر کاک ئازاد بەردەوام بوو لە بەخشین و دەوڵەمەندکردنی سامان و کولتووری ئەدەبی نەتەوەکەمان و تا ئێستا زیاتر لە (٢٠) بەرهەمی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و هیتری بەچاپ گەیاندووەو چەندان بەرهەمی تریشی چاوەڕوانی چاپکردن دەکەن.

لە ساڵی (١٩٧٣)وە دوای ناسینی کاک ئازاد چ ناڕاستەوخۆ بەهۆی نووسینەکانییەوە، چی ڕاستەوخۆ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هاوڕێیەتی و ئاشنایەتیمان پتەوتر و بەهێزتر دەبوو، زووزوو سەردانی کۆیەی دەکرد و لە دوکانەکەی (سامی عەودال) یەکمان دەگرتەوە و بەدەم گەڕان و پیاسەکردندا، تەوەری باسەکان و گفتوگۆکانمان هەر لە چوارچێوەی ئەدەب و داهێنان و جووڵە و گۆڕانکاری و شیعر و چیرۆکە سەرکەوتووەکانی ڕوانگە بوو، (هەرچەندە هیچ کاممان لەگەڵ بزاڤی ڕوانگە نەبووین)، بەم چەشنە بۆ ماوەیەکی درێژ و چەند دەمژمێرێک بەبێ هەستکردن بە ماندووبوون بیروڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ڕێزمان لە بیر و بۆچوونەکان دەگرت و ئەگەر کۆکیش

نەبوونایە.

کاک ئازاد تەنیا هەر لە بواری ئەدەب و زماندا شاسوار و سەرسوڕهێنەر نەبوو، بەڵکو لە بواری گۆرانی و موزیک و سەرجەم هونەرەکانی ترا شارەزا و لێزان بوو، کەرەتێکیان هەر لە هەمان ساڵدا بوو (١٩٧٣)، ڕێم کەوتەوە هەولێر و بە مەبەستی بینینی کاک ئازاد ڕوومکردەوە چاپخانەکەی مەولوودئاغای کۆیی لە شەقامی باتەدا، لەناو چاپخانەکەدا بینیم کاک ئازاد لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو و خۆشەویست مامۆستا (حەسەن گەرمیانی) دانیشتووە، دوای ئەوەی بە یەکتری ناساندین، کاک ئازاد دەریخست کە زانیاری زۆری دەربارەی موزیک و گۆرانی لەلا هەیە، پرسیاری گەورە و گرینگی ئاراستەی ئەم هونەرمەندە دەکرد، هونەرمەندیش بەشێوازی هەمەجۆر وەڵامی دەدایەوە، جارجارەش بە پەنجە تۆکمەکانی بە مێزەکەیدا دەکوتاو ئاوازی لێ هەڵدەستاند و بەنزمییەوە چەند کۆپلەیەکی لە گۆرانییەکانی دەچڕی و سەرنجی دانیشتوانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، لەم ڕۆژەدا کە لێوان لێو بوو لە خۆشی و بەخشین، زیاتر لە سێ کاتژمێر دانیشتن، بە پەیڤین و گفتوگۆ و وورووژاندنی بابەتی بەپێزی ئەدەبی و هونەرییمان بەسەر برد.

جا لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدات ئەمیش ئەمەیە: کەسێک خاوەنی ئەم توانایی و جۆش و حەماسەتە بێت و بەم شێوازەی کە ئاماژەی پێکرا تێکەڵی جیهانە فراوانەکەی ئەدەب و نووسین و کولتوور و کەلەپووری نەتەوەکەی بووبێت، چۆن خاوەنی گۆڤارێکی ئاوا سەرکەوتوو نابێت؟ ئەوەی جێی ئاماژەیە و مایەی سوپاس و پێزانینە بۆ کاک ئازاد ئەوەیە کە مانگانە زیاتر لە بیست دانە لە گۆڤاری ڕامان بەبێ بەرانبەر دەبەخشێتە هەندێ لە شاعیر و نووسەر و خوێنەرەکانی شاری کۆیە و بەهۆی هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (وریا ئەحمەد) ئەویش لە ئاستی خۆیەوە هەمان ژمارە لە گۆڤاری (چڵ ئاواز)ی تایبەت بە هونەری موزیک و گۆرانی دەخاتە سەر و لەسەر گیرفانی خۆی (حەماڵی و کرێی گواستنەوەی) دەگرێتە ئەستۆ، لە قووڵایی دڵمانەوە سوپاسیان دەکەین و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، ئەم کارەیان دڵسۆزی و کارکردنە بۆ گەشانەوەی ئاگردانی حاجی و مەلا خدری مەلا عومەر و ئەختەر و دڵدار و مەلای گەورە و دەیانی تر.

**سەرنج:**

بەر لە کۆچی دوایی م. جەواد حەمەد بەگ ئەم بابەتەی نووسی، بە دەستوخەتی خۆی بۆی ناردم، من پێشنیارم بۆی کرد لە شوێنێکی دی بڵاوی بکاتەوە، ئەوەبوو لە ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٠ی گۆڤاری (کەکۆن)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام لەبەر هەڵەی چاپ لەلایەک و سنوورداری بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە لەلایەکی دی، بە یادی خوای لێ خۆشبێ م. جەواد حەمەد بەگ، بڵاومان کردەوە.

**(ڕامان)**

**(*) یەکەم جار لە کۆیە، لە دوکانەکەی (سامی عەوداڵ) یەکترمان ناسی، ئەو یەکتر بینینەی چاپخانەی کۆییەکان لە هەولێر دواتر بوو، ئەوەشم لەو وتارەدا ڕوون کردووەتەوە کە لە ژمارە (٢٣٢)ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە.**

**(سەرنووسەر)**